(KURDISH)

هیچ کەسێك

مافی ئەوەی نییە کە ئازارت

بدات،

تەنانەت ئەوکەسەش

کە خۆشت ئەوێ:

پرسیار و وەڵام

بۆ

ئافرەتانی پەنابەر

بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە یەکەم هانگاوت نا بەرەو ماڵێکی سالامەت و بێ ترس بۆ خۆت و منداڵەکانت. هانگاوی دووەمەت ئەوەیە کە یارمەتی لەم ڕێکخراوانەی لای خوارەوە بکەیت:

پەراوێز و سارچاوە:

هێڵی تەلەفۆنی میللی بۆ ئەوانەی دوچاری توندوتیژی خێزانی بوون ١-٨٠٠-٧٩٩-٧٢٣٣ (1-800-799-7233).

ئەگەر بیستت تەواو نییە و ئینگلیزی ئەزانیت، ئەوا تەلەفۆن بکە بۆ ١-٨٠٠-٧٨٧-٣٢٢٤ (1-800-787-3224).

ڕێنوماییی: کاتێك کە تەلەفۆن ئەکەیت، کەسێك کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێت وەڵامی تەلەفۆنەکەت ئەداتەوە. یەکسەر ناوی وولاتەکەت و ناوی ئەو زمانە بڵێ کە قسەی پێدەکەیت، ئینجا چەند دەقەیەك چاوەڕوان بکە هەتا موتەرجمێکت بۆ ئەهێنە سەر خەت.

تکایە لیستەیەك لە ناوی خزمەتگوزاریەکانی ناوچەکەت لێرەدا تۆمار بکە:

ئەم نامیلکەیە بەم زمانانەی خوارەوە هەیە: عەرەبی، ئەرمەنی، بۆسنی- کرواتی، کەمبۆدی- خمر، چینی، داری- فارسی، مۆنگ، کوردی، لاووسی، رووسی، سۆمالی، هەروەها ڤیتنامی. بۆ داوا کردنی ئەم نامیلکەیە تەلەفۆن بکە بۆ بەرنامەی تەندروستی پەنابەران لە کالیفۆرنیا بەم ژمارەی ت ٣٢٢-٢٠٨٧ (٩١٦) 2087- 322 -916 .

ئەم نامیلکەیە لە لایەن کارگێری خزمەتگوزاری تەندروستی لە کالیفۆرنیا، بەشی تەندروستی پەنابەران، بە یارمەتی بەرنامەی بەربەست کردنی توندوتیژی خێزان و کارمەندانی سەر بە تەندروستی پەنا بەران لە لۆس ئەنجلس و شارەکانی مێرسێد و کانۆلیك چاریتی لە شاری سانديەگۆ. لە بنەڕەتدا ئەم نامیلکەیە نوسراوە لە لایەن ڕێکخراوەی AYUDA, Inc. و سەرپەرشتی بەرنامەی بەربەست کردنی توندوتیژی خێزان.

توندو تیژی ناو خێزان(domestic violence) ئەگەر بێتوو مێردەکەت یان مێردی پێشووت یان دۆستەکەت لێت بدات یان سۆزو هەستت بریندار بکات،ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و هەفتە لە دوای هەفتە، ئەوە بە توندو تیژی ناو خێزان دائەنرێت و لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا توندو تیژی ناو خێزان بە (تاوان crime) دائەنرێت. ئەتوانین تاوانی توندو تیژی ناو خێزان لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا کۆ بکەینەوە:

- هەرهشەت لێ بکات یان بریندارت بکات
- بە زۆر سێکست لەگەڵدا بکات لە کاتێکدا کە خۆت ئارەزووت لێ نەبێت
- نەهێڵێت بچیت بۆ لای پزیشك. (دکتۆر)
- کەلوپەلی ناو ماڵت یان شتوومەکی تایبەتی خۆت بشکێنێ یاخود ئاژەڵ و باڵندەی ناو ماڵ بکوژێت
- دەست بگرێت بەسەر پارەو ساماندا و نەهێڵێت بچیتە لای هاوڕێکانت و سەردانی خێزانی تر بکەیت
- قەدەغەی چونە دەرەوەت لێ بکات

ئەگەر من لە مەترسیدا بم، چی ئەتوانم بکەم؟

- دەستبەجێ تەلەفۆن بکە بۆ ٩١١ و پێیان بڵێ بە چ زمانێك قسە دەکەیت.
- بڕۆ بۆ (پەناگا shelter). (پەناگا) شوێنێکی سەلامەتە و وەکو خانوویەکی گەورە وایە، لەوێ خۆت و منداڵەکانت ئەتوانن بمێننەوە و بخۆن و بخەون. پەناگاکان بە خۆڕایین و زۆر جاریش زانیاری تەواویان دەربارەی خزمەتگوزاریەکانی تر هەیە لەو ناوچەیەدا.
- بڕۆ بۆ ماڵی هاوڕێیەکت یان بۆ ماڵی ئەندامێکی تری خێزانەکەتان بەڵام بە هیچ کەسێك مەڵێ لە کوێیت.
- تەلەفۆن بکە بۆ ئەو ڕێکخراوەی کە کارناسانی بۆ کردویت و هێناویتی بۆ ئەمەریکا داوای یارمەتی یاساییان لێ بکە.

ئەگەر ماڵ بەجێ ئەهێڵێت، ئەوپەڕی هەوڵ بدە منداڵەکانت لەگەڵ خۆت بەریت، ئەگەر ئەتوانیت ئەمانە لەگەڵ خۆت ببە:

- مۆڵەتی لێخورین یان ناسنامە
- ئای٩٤ (I-94) یان کارتی سەوز(Green Card گرین کارت)
- ریکۆردی حساباتی بانك و چەکی پارە و دەفتەری بانك
- بەڵگەنامەی لەدایك بوون و ڕێکەوتنامەی مارەکردن
- مامەڵەی وەلفەر و میدیکاڵ Welfare & Medi-Cal و بلیتی خواردن food stamps
- هەموو مامەڵە و بەڵگەنامەی کۆچکردن و پەنابەرێتی
- کارتی سۆشیاڵ سیکیورتی (Social Security Card)
- داووەرمان

هەروەها پارەوپول و جلوبەرگی پێویست و ئەو کلیلانەی کە بە پێویستی ئەزانی لە شوێنێکی نهێنیدا بیشارەوە. ئەگەر کۆپی یان نوسخەی ئەسڵی ئەو بەڵگەنامانەت دەست نەکەوت، ئەوا هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە سەریان تۆمارکراون لە سەر پارچە کاغەزێك بنووسە و بیخەرە زەرفێکەوە و هەڵیگرە بۆ ئەوەی کاتێ کە ماڵ بەجێ ئەهێڵێت بە ئاسانی و بە خێرایی بیدۆزیتەوە لەگەڵ خۆتدا بیبەیت یان دەتوانیت کۆپیەك لەو بەڵگەنامانە لە ماڵی هاوڕێیەکت دابنێیت.

ئایا پێویستە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم؟

بەڵێ. چونکە توندو تیژی ناو خێزان بە (تاوان) دائەنرێت. پۆلیس ئەتوانێ خۆت و منداڵەکانت بەریت بۆ ماڵی ئەندامێکی تری خێزانەکەتان یان بۆ ماڵی هاوڕێیەکت یان بۆ جێگایەکی سەلامەت وەکو پەناگا. ئەگەر پۆلیس بۆی دەرکەوت کەوا تاوانێك بە هەقتان کراوە، ئەوا لەوانەیە یەکسەر مێردەکەت یان دۆستەکەت بگرێ و بیخاتە بەندیخانەوە، ئەگەر پۆلیسەکە زمانی ئێوەی قسە نەدەکرد و لێتان تێنەدەگەیشت ئەوا موتەرجمێك بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی بە باشی لە یەکترتان حاڵی بکات، لەم حاڵەتەدا پشت مەبەستە بە منداڵەکانت یان مێردەکەت یان دۆستەکەت. هەمیشە داوا لە پۆلیس بکە کە (ڕاپۆرتێك لە سەر ڕووداوەکە incident report) بنووسێت، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات چی ڕوویداوە و (چی پاڵی پێوە نایت کە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەیت). هەروەها داوای (ژمارەی ڕاپۆرتی ڕووداوەکە) بکە بۆ ئەوەی بتوانیت کۆپییەك لە ڕاپۆرتەکەت دەست بکەوێت. هەروەها داوا لە و پۆلیسە بکە کەڕاپۆرتەکە ئەنوسێ، ناوی خۆی و ژمارەی باجەکەیت بداتێ (ژمارەی باج واتە ژمارەی ناسنامەی پۆلیس). ئەگەر مێردەکەت یان دۆستەکەت بگیرێت و بەرێت بۆ بنکەی پۆلیس ئەوا لەوانەیە لە ماوەی دوو کاتژمێردا بەربدرێت، بۆیە وا باشە لەو ماوەیەدا بڕۆیت و جێگایەکی سەلامەت بۆ خۆت بدۆزیتەوە.

چۆن ئەتوانم لە داهاتوودا پارێزگاریٚ خۆم بکەم؟

وای دابنیٚ کە تۆ (فەرمانی پاراستن Protection Order) یان بۆ خستوویتە کار، فەرمانی پاراستن ئەتوانریٚ بە (فەرمانی قەدەغە کردن) یان (ئاگاداری یاسایی) یش ناو ببریٚت، بە پێی ئەم یاسایەش ئەو کەسەی کە خراپەتان لەگەڵ دەکات بۆی نییە لێتان نزیك بکەوێتەوە نە لەخۆت نە لە منداڵەکانت و نە لە هیچ ئەندامیکی تری خێزانەکەتان. هەروەها ئە توانیت داوا بکەیت کە مێردەکەت یان دۆستەکەت لە ماڵ دەربکەن و بۆی نەهێت دەست بخاتە ناو کاروباری کۆچکردن و پەنابەریتەوە. بۆ ئەوەی فەرمانی پاراستنت بۆ بخەنە کار دەبیٚ خۆت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەیت و داوای خستنە کاری ئەم فەرمانە بکەیت.

ئایا فەرمانی پاراستنم بۆ دەخرێتە کار ئەگەر ئەمریکیش نەبم؟

بەڵیٚ. ئەگەر ئەمریکیش نەبیت و مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەییشت بە پێی یاسابە دەست نەهێنابێت، دەتوانرێت فەرمانی پاراستنت بۆ بخرێتە کار. چوونە لای پارێزەر لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بەڵام زۆر پێویست ناکات.دەتوانیت فۆرمی تایبەتی: لە دادگاکان و پەناگا (shelter)ی ئافرەتان و دەزگای یارمەتی یاسایی و هەندیٚ بنکەی پۆلیس وەربگریت. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مەرج و پێداویستیەکانی فەرمانی پاراستن لە دادگاکانی ئەو ناوچەیەدا کەلێی دەژیت، پەیوەندی بکە بە:

(١) (پارێزەری خزمەتگوزاری یاسایی) (ئەو پارێزەرانە بە خۆرایی یارمەتی یاسایی ئەو کەسانە ئەدەن کە داهاتیان کەمەو باری ئابووریان خراپە)، یان (٢) ئەورێکخراوەی کە کارئاسانی بۆ کردویت و هێناوتی بۆ ئێرە ، یان (٣) ئەو دەزگایانەی کە یارمەتی پەنابەران ئەدەن لە ناوچەکەدا.

چۆن دەتوانم مافی نشتەجێبوونی هەمیشەیی یاسایی بە دەست بهێنم بەبیٚ یارمەتی مێردەکەم؟

یاسای توندوتیژی دژی ئافرەت (VAWA) چەند رێگایەکی داناوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بیٚ بەڵگەنامەن و شوویان بە ئەمریکی یان بەوانە کردووە کە مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی یاسایيان هەیە و ئەیانەویٚت مافی نیشتەجێبوون وەرگرن. لە جیاتی ئەوەی کە پشت ببەستیت بە مێردەکەت بۆ ئەوەی مامەڵەی نیشتەجێبوونت بۆ بکات لە کارگێری خزمەتگوزاری کۆچەری و پەنابەر (INS)، خۆت دەتوانیت مامەڵە بۆ خۆت و منداڵەکان بکەیت، لە رێگای خودی خۆتەوە کە پێی دەوترێت (Self-Petitioning) لەم کاتەدا بنووسیتە کە راپۆرتی پۆلیست هەبێت وەکو بەڵگەنامەیەك کە ئەیسەلمێنیٚ تۆ توشی گیروگرفتی توندوتیژی ناو خێزان بوویت. مێردەکەت ناتوانێت هیچ رۆڵێك ببینێت و پێویستیش ناکات بزانیٚ کە تۆ خەریکی مامەڵەی نیشتەجێبوون و مانەوەیت، لێرەدا یاسا ئاڵۆزە. بۆیە وا باشترە پرس بە فەرمانبەرێکی پەناگا یان پارێزەرێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەرانەوە یان یەکێك لەو رێکخراوانە بکەیت کە لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا ناویان هاتووە، پێش ئە وەی بچیتە (INS). بۆ ئەوەی کەڵك لەم رێگایە وەرگریت ئەبیٚ شووت کردبێت. ئەگەر بەڵگەنامەی جیابوونەوەت لە مێردەکەت وەرگرت، دەست بەجیٚ پەیوەندی بکە بە پارێزەرەوە.

ئەگەر لەلایەن (INS) هوە گیرابیت و مامەڵەی (گواستەنەوە) کە پێشتر بە (دەرکردن) ناو دەبرا لە ئارادا بێت، لەوانەیە رێگات پیٚ بدەن داوای بەربوون بکەیت. بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە تووشی گیروگرفتی توندوتیژی ناو خێزان بوویت دەبیٚ راپۆرتی پۆلیست لەو بارەیەوە هەبێت.

مێردەکەم هەرەشەی بردنی منداڵەکانم لێدەکات، ئەگەر بێتوو بەجێی بهێڵم ئایا چی دەتوانم بکەم؟

ئەگەر مێردەکەت یان دۆستەکەت هەرەشەی بردنی منداڵەکانت یان بردنەوەی منداڵەکانت بۆ وولاتی خۆی لێکردی، ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە جێبەجیٚ بکە :

(١) داوای (فەرمانی چاودێریکردن Custody Order) بکە، (ئەمەش بەڵگەنامەیەکی یاسایی کە مافی مانەوەی منداڵەکانت لەگەڵ خۆتدا پیٚ دەبەخشیٚ). ئەم فەرمانە رێگا لە مێردەکەت یان دۆستەکەت دەگریٚ کە منداڵەکانت بەرێتە دەرەوەی ئەمریکا.

(٢) کۆپیەکی فەرمانی چاودێری کردنەکە بنێرە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئەوەی نە ڤیزا و نە پاسپۆرت نەدەن بە منداڵەکانت. هەروەها کۆپیەکی تری بنێرە بۆ باڵۆیزخانەی ئەو وولاتەی کە مێردەکەت یان دۆستەکەتی لێوە هاتووە لە ئەمریکا.

(٣) کۆپیەکی تری فەرمانەکە بدە بەو قوتابخانەیەی کە منداڵەکانت لێی دەخوێنن، هەروەها پێیان بڵیٚ کە منداڵەکانت بەخۆت نەبێت بە کەسی تری نەدەن.

چۆن ئەتوانم گوزەران بکەم و ئابووری خۆم و منداڵەکانم دابین بکەم ئەگەر مێردەکەم بەجیٚ بهێڵم؟

بەپێی یاسا ئەفقەی منداڵەکان دەکەوێتە سەر باوك، بەیٚ گوێدانە حاڵەتی نیشتەجێبوون و مانەوەی باوکەکە. ئەم یاسایە کار دەکات تەنانەت ئەگەر بە یەکیشەوە نەژین و بەشێوەیەکی شەرعیش ژن ومێرد نەبن.

بۆ ئەوەی بزانیت چۆن ئەفقەی منداڵەکانت لە مێردەکەت وەردەگریت، پەیوەندی بکە بە پارێزەرێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەرانەوە یان بەو رێکخراوەوە کە هێناوتی و کاروباری کۆچکردنی بۆ رەخساندوی. هەندیٚ ئافرەتی مێرددار هەن کە بۆیان هەیە داوای ئەفقەیەکی زیاتریش بکەن لە مێردەکانیان. ئافرەتی پەنابەر ئەتوانن کاردی ئای ٩٤ (I-94)ەکە یان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە مۆڵەتی نیشکردنیان هەیە.

من پەنابەرم، ئایا بۆم هەیە وەلفەرو میدکاڵ وەرگرم؟

لەو رۆژەوە کە ئەگەیتە ئەمریکا هەتا (٥) پێنج ساڵی یەکەم بۆت هەیە بلیتی خواردن و ئەو یارمەتیە کاتیانەی کە بۆ خێزانە زۆر هەژارەکان تەرخان کراوەو میدیکاڵ و یارمەتی گشتی تر وەرگریت، هەر وەکو کەسێکی ئەمریکی. زۆربەی پەنابەران کە (٥) پێنج ساڵ یان زیاترە لە ئەمریکادان چیتر مافی وەرگرتنی بیتاقەی خواردنیان نامێنیٚ. مافی وەرگرتنی میدیکاڵ و یارمەتی کاتی تەرخانکراو بۆ خێزانە هەژارەکان و یارمەتیە گشتیەکانی تر بۆ ئەو پەنابەرانەی کە لە (٥) پێنج ساڵ زیاترە لە ئەمریکادا گوزەران دەکەن لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر جیاوازە. دکایە پەیوەندی بکە بە پارێزەرێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەرانەوە یان بەو رێکخراوە یەوە کە هێناوتی.

ئایا منداڵە ئەمریکیەکانم بۆیان هەیە یارمەتیە گشتیەکان و میدیکاڵ وەرگرن؟

بەڵیٚ. منداڵە ئەمریکیەکانت وەکو هەموو منداڵێکی تری ئەمریکی ئەتوانن یارمەتیە گشتەکان و میدیکاڵ وەرگرن.

ئایا لێرە دەردەکرێم ئەگەر بێتوو هەستم بە کارێك لەو کارانە؟

ئەگەر بەهۆی بەڵگەنامەی یاساییەوە لە ئەمریکا مابیتیەوە، ئەوا لێرە دەرناکرێت لە کاتێکدا کە سەبارەت بە توندوتیژی خێزان شکات دەکەیت. لە کاتێکدا دەرئەکرێیت کە بەڵگەنامەی ساختەت دروست کردبێت یان تاوانێکت کردبێت یان مەرجی ڤیزات پێشێل کردبێت.

ئایا مێردەکەم یان دۆستەکەم دەرئەکرێت ئەگەر بێتوو شکاتی لێبکەم؟

ئەگەر پەناگا یان پارێزەر یارمەتیت بدات، ئەوا لەوانە نییە مێردەکەت یان دۆستەکەت دەربکرێت.

ئەگەر تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەیت و مێردەکەت یان دۆستەکەت بگیرێت و ئەو کارەی کە کردوویەتی بە تاوان دابنرێت ئەوا لەوانەیە لێرە دەربکرێت. ئەمەش متمانە دەکاتە سەر حاڵەتی پەنابەرێتی و یشتەجێبوونی و جۆری ئەو تاوانەی کە کردوویەتی.

* * *

خۆت و منداڵەکانت بە سەلامەتی بپارێزە.

لە بیرت بیٚ، توندوتیژی ناو خێزان تاوانە.

گرنگە کە یارمەتی بدرێت.

* * *